# مۆفەق یونس:

## ئەگەر کچێك پێی وتم خۆشمدەوێی، ڕەنگە سەغڵەت بم‌و زمانم تێکبئاڵێت

**دیمانە: فەرمان عەبدولڕەزاق**

**مۆفەق یونس لەتیپ لە دایك بووی ساڵی ١٩٧٧، یاریزانی یانەی هەولێر هەر لە منداڵیەوە خولیای تۆپی پێ بووە، لەتیپە میللەیەکانی فەلەستین، هەلمەت‌و سەنگەر یاریکردووە‌و پاشان چۆتە یانەی بروسك‌و لەدواییدا بۆ یانەی جیهان تا ساڵی ٢٠٠٠- ٢٠٠١ دەچێتە یانەی هەولێر‌و وەك یاریزانێکی سەرەکی یاریکردووە، لە دیمانەیەکی کوێستاندا باس لە ژیانەی کۆمەلاتیەکەی خۆی دەکات.**



***ئەگەر یاریزان نەبووایەت کام پیشەی ترت هەڵدەبژارد؟**
مۆفەق: حەزمدەکرد قوتابخانە تەواو بکەمەو پاشان کۆلیژی وەرزشیم تەواو بکردایە.

*** چ ساڵێك ژیانی هاوسەریت پێك هێنا؟**
مۆفەق: لە ١٩٩٧/٦/٦ ژیانی هاوسەریم پێکهێنا، ئێستا خاوەنی دوو کچ‌وکوڕم.

***خێزانەکەت بە خۆشەویستی هەڵبژارد یان بەرێکەوتبوو؟**
مۆفەق: بە رێکەوتبوو بەراستی بروام بە خۆشەوێستی ئەم سەردەمە نیە!

***تا چەند لە ئەرکەکانی ماڵەوە یارمەتی خێزانەکەت دەدەیت؟**
مۆفەق: ژن بەراستی دەبێ رێزی لێبگیرێت، زۆر یارمەتی خێزانەکەم دەدەم، ئەمەش وایکردووە خۆشەویستیمان بە هێزتر بێت، بۆماوەی ١٠ ساڵە تا ئێستا شەرێکمان نەکردووە.

*** بەوە ناسراویت کە سواری ئۆتۆمبێل دەبی، شەڕ لەگەڵ شوفێرەکان دەکەیت لەسەر شێوازی لێخورین؟**
مۆفەق: ئەوەی شۆفێر بێ‌و لەتەك شۆفێر دانیشێ دەکەوێتە دڵەراوکێ، چونکە ئەو شێوازە لێخورینەی تۆ دەتەوێ ئەو نایکات، یاخود هەندێ شت هەیە تۆ دەزانی ئەو نازانێ بۆیە خۆت بۆ ناگیرێ‌و هەردەبێ پێی بڵێی ئاگاداربە.

*** تاچەند دوودڵی لە ژیاندا؟**
مۆفەق: نەخێر من هەر بڕیارێکم دابێ بڕیاری یەکلاکەرەوە بووە.

*** زۆر بەخوشەویست ناسراوی لە خەڵك‌و وەرزشوانانندا؟**
مۆفەق: کەسێك بیەوێت خۆشەویست بێ، نابێ لە یەکێکی تر خۆی بەگەورەتر بزانێ، ئێمەش هەموومان کوڕە هەژارین‌و لەناو هەژاران پەروەردە بوومە، مرۆڤ دەبێ سەیری دوێنێی خۆی بکات نەك ئێستا.

*** لەسەر چ پێوەرێك کۆمەڵایەتی خێزانەکەت هەڵبژارد؟**
مۆفەق: بریارم دا زیاتر لەسەر لایەنی رەوشت و ئاینەکەبوو .

***ئەگەر ژنی دووەم بێنی خێزانەکەت رازی دەبێ؟**
مۆفەق: بڕواناکەم هیچ ئافرەتێك پێی خۆش بێ ژنی دووەمی بەسەر بێت.

***ئەگەر کچێك پێی گوتی خۆشم دەوێی، هەڵوێستت چۆن دەبێ؟**
مۆفەق: کەس پێی نەوتوومە.

***ئەگەر پێیان وتی؟**
مۆفەق: ڕەنگە سەغڵەت بم‌و زمانم تێك بەئاڵێت.

***لەگەڵ خەسوەکەت نێوانتان چۆنە؟**
مۆفەق: نێوانمان زۆر خۆشە پێی ناڵێم ماموژن، هەر پێی دەڵێم پلە، چونکە ژنێکی زۆر ئیمانداره، وەك کوڕو دایك مامەڵە لەگەل یەکتری دەکەین نەوەك زاواو خەزوور.

***ماڵی خۆت جیاکردۆتەوە؟**
مۆفەق: بەڵێ: ئەو کاتی لە سوریا بووم تا گەرامەوە دایکم ماڵی جیاکردبوۆوە، ئەمەش بە ناخۆشی نەبوو، بەڵکو جێگامان نەبوو لە خانوویەکی وادا.

***لە خولی پاڵەوانەکانی عەرەب لە یاری نێوان یانەی هەولێر و یانەی ئیسماعیلیە لە پێکهاتەی یانەی هەولێر نەبینرا ؟**
مۆفەق: دەگەڕێتەوە بۆ لێك تێنەگەیشتنی نێوان من‌و راهێنەر(نازم شاکر) هەرگیز لە دڵم دەرناچێ، چونکە ناوم لەگەڵ لیستی یاریزانان بوو، تا دواسات پێیان گوتم ناوت لەگەڵ نیە، تا ئێستاش هۆکارەکەم نەزانی.